# كۆمەڵێك دیدگای جیاواز لەبارەی (مەم و زین)ەوە

**ID No. 2522**
(PP 183 - 190)
https://doi.org/10.21271/zjhs.23.2.13

**فەرمان ابراهیم عولا**
زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی پەروەردە - بەشی كوردی / شەقڵاوە
farman.hawla@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2018/11/13**
**پەسندكردن : 2019/01/27**
**بڵاوكردنەوە : 2019/04/20**

**پوختە**
ئەم لێكۆلینەوەیە هەوڵدانە بۆ زیاتر ناساندنی شاكارە بەناوبانگەكەی (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی ، تا ئێستا دەیان لێكۆلینەوە لەبارەی دۆزینەوەی بنەڕەت و هونەر و تەكنیك و ناوەڕۆكی ئەم شاكارە كراوە ، بەشێكیان یەكتری ڕەت ئەكەنەوە و هەندێكیشیان درێژەپێدەری لێكۆلینەوەكانی پێش خۆیانن ، لەدوای گروپی ڕوانگە زۆرترین هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بناغەی دەقە كلاسیكەكان كراوە ، بە ووردبوونەوە لە كتێبەكانی كرمانجی ژوورو و بەشێك لەو وتارانەی لە زمانی ڕوسی وەرگێردراون ، ئەم لێكۆلینەوە ئەنجامدرا ، لەسەر هەمان ڕێبازیش لە داهاتووی بەردەوامی دەبێت ،لەم شاكارە و بەرهەمەكانی تری ئەدەبی .

**وشە گرنگەكان:** ئاخاوتنی كلتوری , شارستانی، بیری ناسیونالیزمی، توخمی میانڕەوەی، توخمی كۆمەلایەتی.

## پێشەكی

بناغەی ئەدەبیاتی كوردی لەدید و بۆچوونی سەرجەم نووسەران ئەدەبناسان و بیرمەندانی بواری ئەدەبی كوردی و جیهانی دا لە شاكارە بەناوبانگەكەی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی خۆی دەبینێتەوە ، هەر بەرهەمێكی ئەدەبی لە سەردەمی كلاسیك و وە ئەوانەشی بەر لە كلاسیك ئەگەر بە نووسراوە مابنەوە یاخود لە زمانی خەلكی دواتر نووسرابنەوە بەرهەمێكی هونەریی زۆر بەرز و پێشكەوتوویان پێوە دیارە ، ڕەنگە بەشێك لەو بەرهەمانەی لەسەردەمێكی زۆر كۆن نووسرابنەوە لەبەرهەمە نوسراوەكانی ئێستا بەتواناتر وكاریگەر تر و بە سوودترن بۆ خودی ئەدەبیاتەكەیان .(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی یەكێكە لەو شاكارە بەتوانا و سودمەندانەی كە لە ئەدەبیاتی كوردی كلاسیك بۆمان ماوەتەوە ، تا ئێستاش نوسەران و ئەدەبیاتناسانی جیهانی لەمەڕ ئەو شاكارە بۆچوونی جیاوازیان هەیە بە جۆرێك ئەو شاكارە بەبەرهەمێكی ناوازەی ئەدەبیاتی كوردی دەناسێنن ، لەوانەش ڕۆماننوس و فەیلەسوف ( فیودور دوستویفسكی) یەكێكە لە ڕۆماننوس ، شاعیر ، نوسەر و فەیلەسوفی ئەدەبی ڕوسی لە سەردەمی سەدەی بیستەمدا لە كۆڕێكی نوسەرانی ئەدەبی ڕوسی دا ناوی (مەم و زین) وەك ڕۆمان و بەرهەمێكی پێشكەتووی ئەدەبی دێنێت ،بەلام ئەوەی جێی داخە وەك بەرهەمێكی ئەدەبی كوردی ناوی ناهێنێ بەلكو كورتەی قسەكانی دەڵێ : (ئەدەبیاتی گەلانی تر (مەم و زین)ە، بەبیرێكی جوانی سەرنج ڕاكێش نوسراوەتەوە ) . كەواتە ئەم شاكارە بایەخ و گرنگییەكی زۆری هەیە بۆ ئەدەبیاتی كوردی .

### 1- چەمكی شاكارەكەی (مەم و زین ) :

مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەكو ئینسكلۆپیدیایەكی مەزنی فۆلكلۆری كوردییە ، لەنێوان بیرە نەتەوایەتیەكەی و ئەڤینداریەكەی دا تا ئێستا سەرجەم تێكستی "مەم و زین" وەكو پرۆژە یان ئاخاوتنێكی نەتەوەییە، بەشێكی زۆری نوسەرانیش ڕووە ئەویندارییەكەی دەخەنە پێشی ، بەلام لەنێوان ئەو دوو توێیە، ئاخاوتن و گێڕانەوە گشتیە دا، خانی كۆمەڵێك وتار لە بنیاد و ناوەڕۆكی ئەو شاكارە دێنێتە كایەوە وەك :

- ئاخاوتنی سیاسی
-ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەیی
-ئاخاوتنی کولتوری، شارستانی
-ئاخاوتنی ژیۆپۆلیتیکی
-ئاخاوتنی ڕەخنەیی ئەدەبی
-ئاخاوتنی فەلسەفی
-ئاخاوتنی ئەوینداری

مەم و زین شاکارێکی مەزنە لە ئەدەبی کوردیدا ، دەیان و سەدان نوسەر و لێکۆلەر و فەیلەسوفی کورد و بێگانە بەشێوەی جۆراو جۆر بابەتەکەیان خستۆتەڕوو ، هەربۆیە لە دیدی جۆراو جۆرەوە مەم و زین پەسند کراوە لەوانە ، عەلائەددین سەجادی بە ڕۆشنکەرەوەی ئەدەبی کوردی وەسفی دەکات و دەڵێ :



**قەڵەم کە نووسی نەخشی زێڕکفتی**
**شەیدای دەنگی بوو کەوا ژنەفتی**
**چیرۆک نووسەکان تا بە هومیرۆس**
**لە بەر ئەو دەنگە بوون بە چیرۆک نووس**
**ئەو دەنگە دەنگی نەوای خانی بوو**
**شمشاڵی گیانی نەوجەوانی بوو**
**بادەپەرەستان سەرخۆشانی ڕاز**
**قەتارەی عاشق پۆلی چاو بەناز**
**میر و شایار، بەگزادەی دیار**
**فریشتە و پەری، ئاغا و جووتیار**
**رەواڵانی مەم، کناچانی زین**
**سەراپەردەکەی ئەمیر زەین دین**
**چەکۆ و عارف، ستی و تاژدین**
**حەیزەبوون بەکر، وەیشوومەی بەکین**
**ئەمانە هەموو کەوتنە خۆشخوانی**
**بە تیشکی فیکری ئەحمەدی خانی..! (حجی جحفر ، 2009 : ل26)**

بەر لە سێ سەدە لەمەو پێش شاعیری کورد و زانای موسڵمان و پیاوە ناودارەکەی نێو ئەدەبیاتی کوردی و جیهانی (ئەحمەدی خانی) شاکار بەناوبانگەکەی مەم و زینی تەواو کردووە و لەسەربیرێکی ڕوونتر و ئاشناتر بە خوێنەرانی نوسیوەتەوە و خستویەتیە دەستی خوێنەران .

مەم و زین لەلایەك داستانێکی ئەوینداریە و لەلایەکی تر ڕووداوێکی پڕ مەترسی کۆمەلایەتی و کێشەی چینایەتییە ، کە بۆ سەدان ساڵ ڕووداوە ئەوینداریەکانی نێو کۆمەلگای کوردی لە پڕمەترسیدارترین و کارەسات ئامێز ڕووداو بوون کە بەهۆیەوە دەیان گەنج و جوانی وڵات ، هۆی کێشە عەشایریەکانیانەوە لەلایەن گەورە و ئاغا و دەسەڵاتداران و باوك و براکانیانەوە دەکەونە ژێر هەڕەشەی کوشتن ، ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەی مەم وزینیش بەهۆی بیر عەشایریەکەیەوە پڕبووە لە مەترسی ،بەجۆرێك جیاوازیەکی گەورە لەنێوان ئەم داستانە و داستانە کوردییە کلاسیکەکانی وەکو ( خوسرە و شیرین و یوسف و زولەیخا)هەیە . چونکە مەم و زین بەهۆی شاکارە جوانەکەیەوە جیاوازترین داستانی سەردەمی خۆی بوو ، بەشێکی جوانی شاکارەکەی مەم و زین بەهۆی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکەکەی بووە بەبیری ناسیۆنالیزمی و کۆمەلایەتی و سۆفیگەرییەوە.

واتە ئەحمەدی خانی بەهۆی بوونی زانیاری هەمەلایەنی کەسێتی و ناسراوی و لێهاتووی ئەم نوسەر و شاعیرە بەناوبانگە لە دوو توێی جیاوازدا شاکار و بەرهەمە ئەدەبیەکانی دەخرێتە ڕوو .

بەشێکی نووسەران شاکارەکەی مەم و زین بە داستانێکی ئەویندار و بەشێکیشی بە داستانێکی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی پەسنی دەکەن ، هەربەهۆی ئەم دوو ڕووە جیاوازەی داستانەکە دەچێتە قالبێکی ئالۆز و خوێندنەوە هەلگری زیاتر ، بەشێکی نوسەران و بیرمەندان ئەم دەقە ئەدەبیە وەك دەربڕێنێکی بەهێز بۆ هەست وشانازیکردن بە ئیتیکی نەتەوایەتی کورد دەخوێننەوە ،هەروەها وەك دەربڕینی ئاوات بۆ هەبوونی دەولەتێکی کوردیە ، هەربۆیە ئەحمەدی خانی کارەکەی بەفارسی نەنوسی و کەلەسەر و بەندی ئەودا زمانی فارسی لەئارادابوو بۆ دەربڕینی ئەدەبی. بە جۆرێك دەیتوانی ئەدەبیاتەکەی دەولەمەندتر بکات بەهۆی بەکارهێنانی زمانێکی بەهێزە ، ئەو لێکهاڵانەی چیرۆک و دیباچە، ئەدەب و سیاسەت، کاکڵ و توێکڵ و مێژوو و ئەفسانە، "مەم و زین"ی خانی کردووەتە بەرهەمێکی هەرە گەورەی ئەدەبی کوردی و بەرهەمێکی گرنگ و هێشتا باش نەناسراوی ئەدەبی جیهانی. "مەم و زین" حەماسەتێکی ڕۆمانتیکە کە تێیدا چارەنووسی کوردان بە وشەگەلی تراژدی کەسایەتی قارەمانان دەردەبڕێ. ڕۆمانسی تراژێدی بە ڕەمزی نەتەوەیی نێو ئاخن کراوە و گەلێک ئامانجی نیشتمانپەروەرانەی تێدایە. ڕێگە بەوە بدەین با خانی بۆ خۆی بڵێ ، جگەی لەوەی بە کوردی ( مەم وزین)ی نوسیوە بە چەندان جار لەناو مەم و زینەکەی باسی زانست و مەعریفەی لای کورد کردووە وەك چۆن دەلێ :

**دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد**

**بێمەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد**

**ئەنواعی میللەت خودان کتێبن**

**کورمانج تەنێ دبی حسێبن**

**هەم ئەهلێ نەزەر نەبین کو کورمانج**

**عیشقێ نەکرن ژبۆ خوە ئامانج**

**کورمانج نە پڕ دبێ کەمالن**

**ئەمما دیەتیم و بێ مەجالن ( حەسەنپوور ،1995:ل65 )**

جگە لەوەش خانی زمانی کوردی بەهەلزانی تا شاکارەجوانەکانی خۆی بە زمانی خۆی (کوردی) بەخەلکی تر بناسێنێ . زۆر لە کوردەکانی سەدەی بیستەم هەستی خۆیان لە دێرەکانی خانی دا ناسیوەتەوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە هەمیشە ئەحمەدی خانی لەهەولی بەهێزی و هێنانەکایەوەی ئاوات و خەونی کوردیدابووە هەر ئەمەش وایکردووە ئەحمەدی خانی بە باوکی ناسیونالیزمی گەورەی کورد ناوزەند بکرێت .بەتایبەتیش بەهۆی مەم و زینەکەیەوە ڕۆلێکی گەورەی بینی لە هۆشیاری نەتەوەیی و ئاشناکردنی میللەتانی تر و نەوەکانی کورد بە ئەدەبیات و بارودۆخە نەتەوایەتیەکەی سەردەمی زۆر کۆنی کورد .

تائیستاش لە نێوان ئەو دوو بیروڕایە (( (مەم و زین وەك شاکارێکی نەتەوەیی ، مەم و زین وەك شاکارێکی ئەوینداری)لەنێوان کۆمەلێك گێڕانەوەی جیاواز.)) نەتوانراوە زانیاری یەکلاکەرەوە بخرێتە ڕوو .هەروەها لە نێوان (شاکار ، داستان ، چیرۆك ) هێشتا بە بیروڕای جیاوازەوە لەسەر ئەدوێن.

چیرۆکێک کە چەندین گێڕانەوەی هەیەو جیاوازی لە نێوان توخمەکانی ڕووکاری گێڕانەوەیدا هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی ڕەسەنی چیرۆکەکە بۆ چەند جوگرافیا و شارستانیەتێك نزیك دەکرێتەوە لەوانەش (باکوری کوردستان /ناوچەکانی جزیری بۆتان ، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان) ـ کە لە شوێنی خۆیدا بە تەواوی باسی لە سەر دەکەین ـ ئەم چیرۆکە وەکو هەمووی چیرۆکە کوردیەکان و بە گشتی وەکو هەموو چیرۆکە کۆنەکانی دنیا لە سەرەتاوە بە شێوەی زارەکی و لە زمانی نوسەرانەوە ، هەر بۆیە جیاوازی گێڕانەوەو هەروەها تێکەڵ بوونی توخمەکانی گێڕانەوە، لە ئەدەبی زارەکی و لەم بەیتەشدا شتێکی ئاسایی و حاشاهەڵنەگرە.

هەر هۆزانڤانێك بە پێی پێخۆش بوون و بۆچوونی خۆی و ئاستی تێگەیشتن و هەربەرژەوەندیەك کەخۆی ویستبێتی هێندێک شتی بەسەر چیرۆکەکەدا زیادکردوەو یان گۆڕیویەتی، ئەم دەستێوەردانە تا ئەوکاتەی کە چیرۆکەکان تۆمار نەکرا بوون زۆر زەق تر بوو ،چونکە هیچ لێپێچینەوەیەك لە ئارادانەبووە, بەڵام دوای تۆمار کردنی بەیتەکان کە هاوکات بوو لە گەل لاواز بوونی بەرچاوی ئەدەبی زارەکی ئەو گۆڕانکاریانە کەم بوون یان بە تەواوی نەمان.(کاروان حسین ,2013 ل:76)

لە بارەی مەم وزینەوە ئەوەی لە بەردەستدایە گێڕانەوەی بەناوبانگی خانییە کە بە ڕاستی شاکارێکی ئەدەبیەو مەم و زینی لە بەیتێکی سادە تا ڕادەی کاریگەری کێشاوەتەوە سەرەوە. دووهەم گێڕانەوەی پیرەمێردە کە بە وتەی مامۆستا هێمن داهێنانێکی خۆیەتی و زیاتر لە ئەدەبی رۆژئاوایی و دراماکانی شکسپیر دەچێ.(جەواد مستەفا ، 2008 ل:86)

**2 – 1 : هونەری جەفەنگ**

لەو ناوەڕۆکی ئەم شاکارە بەناوبانگەدا ئەحمەدی خانی بیر تیژەکی فەیلەسوفانەی بووە ،هەر وشەیەکی نوسیوە بۆ مەم زینەکەی پڕلە ڕامان و جەفەنگ و واتادار بووە ، بەتایبەتی لە پەسنی حکومڕانی دا بابەتی حاکم و میر و فەرمانڕەوا پەسن دەکات

**هەرچی کو دبێژنێ غەرەزدار**

**باوەڕدکەت ئەو ب ڕاستییێ خوار**

**نابێن ئەڤ قەنجە یا خراپە**

**نابێن ئەڤ خەتئە یا سەوابە (هەژاری موکریانی ،2013 ل:9-10)**

هەروەها خانی زۆر لەو کەسانە ئەترسێت کە خۆیان نزیك ئەکەن لە حاکم و میرو فەرمانڕەواکان بەتایبەت ئەگەر نیازی خراپیان هەبێ بۆ دروستکردنی ئاشوب ،چونکە خانی پێی وایە دەولەت و میر لەسەر دەستی ئەوانە خراپ ئەبن و حکومڕانی بەرەو خراپی ئەچێ .

**خاسمە کو هەبن خەبیث و خەناس**

**بەدخواهـ ،بەخیل بن من الناس**

**تەحقیق و خرابترن ژ شەیتان**

**یارەب مەکە وان قەرییێ سلتان (ل: 13)**

شێوەی میر و سەرۆك و فەرمانڕەواکان ئەوانەن کە ئاقل و زانا و تێگەشتوون و بە ئارامن ، هیچ کارێك ئەنجام نادەن تا بە دڵێکی فراوانەوە بیر نەکەنەوە ، تاکو ئەو وتەیە بەباشی نەبژێرن هیچ بڕیارێك نادەن ئەوانە سەرۆکی ڕاست و دروستن و ولات بەوانەوە ئاوەدان دەبیتەوە و پێش دەکەوێت ،چونکە مرۆڤی خراپ و بەدخوار نزیکی خۆیان ناکەن .وە ئەوانەشی کە لەخۆیان نزیك ئەکەنەوە سەدان جار تاقیان دەکەنەوە و هەلیان دەسەنگێنن وەك چۆن خانی دەلێ :

**میرێ کو ب دەولەت و فیراسەت**

**ساحی شەفەقەت ، خودان سیاسەت**

**ئەو هەر کەسەکێ خودان ناکەن**

**حەتا وەکو امتحانێ ناکەن**

**چل جارا دکەت ،یەکێ مجرب**

**پاشی ئەوی دێ بکەت مقرب (ل: 29-32)**

ئەوەی ئێمە لێرەدا پشتی پێدەبەستین دوو گێڕانەوەی خانی و ڕەحمان بەکرە، بە تەواوی و بە دڵنیایی ناتوانین بڵێین کام لەم دوو گێڕانەوە ڕەسەنترە. گێڕانەوەی خانی لەبەر ئەوەی کە تێکەڵی وردەکاری سۆفیانەو بۆچوونی عیرفانی بووە، لە چوارچێوە فولکلۆری چیرۆکەکە دەترازێت و گێڕانەوەکەی رەحمان بەکریش بە بۆنەی تێکەڵ کردنی چەندین فۆلکلۆرەوە دەقی ئایینی جیاواز لە ناو فۆلکلۆریەکی تایبەتدا، ڕەنگە خوێنەری شارەزا تووشی سەرلێشێواوی بکات و ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی لێ ون بێ.

**3 -1 : دیدگا جیاوازەکانی (مەم و زین) :**

**1- خۆشەویستی (زین) بۆ(مەم) :**

ئەگەرچی لەم چیرۆکەدا باس لە خۆشەویستی دوولایەنەی مەم وزینە بەڵام لە هەردوو گێڕانەوەکانی سەرچاوە بۆ ئێمەدا خوازیاری زین زەقترو بەرچاوترە، لە مەم وزینی خانیدا پاش یەکەم دیداری مەم وزین(بە جلی گۆڕدراوو لە جەژنی نەورۆزدا) ئەو کەسەی هەوڵدەدات بۆ ناسینی ئەوی دیکە زینە. زین دایەی خۆی ڕادەسپێرێ کە لەبارەی ئەو کەسەی کە

بینیویەتی(واتە مەم)ە پاش ناسینیشی دیسان دایە بۆ لای ئەو دەنێرێت و بە مەم ڕادەگەیەنێ کە خۆشی ئەوێت. لەوەوە دەردەکەوێت کە خۆشەویستی لە لایەن زینەوە دەست پێدەکات. تەنانەت لە سەرچاوەی دیکەشماندا(واتە مەم وزینی تۆمارکراوی ئوسکارمان) لە بەشێک لە چیرۆکەکەدا مەم بە ئاشکرایی زین ڕەت دەکاتەوەو سێجار بە دوای یەکدا دەڵێ کە زینی ناوێ. ئەگەرچی ئەمە بە هۆکاری ئەو هەڵویستەی مەم بە کارتێکەدەری بەکۆ (بەکر) دەزانێ و دەڵێ بەکر بە گوێی مەمی گەیاندووە کە زین نەخۆشی پیسی گرتووە، بۆیە کاتێ میر زێنەدین (برای زین) سێ جار زین بە مەم دەدات ئەو هەو سێ جارەکە ڕەتی دەکاتەوەو ئەڵێ نامەوێ. بەڵام دیارە ئەمە دەستێوەردانی شایەرەکان و ئەم ڕەتکردنەوانە و هەروەها پێشدەستی و هەستی بەتینی زین، بەرەو هەمان ڕێنوێنیمان دەکات.کەواتە ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەتوانین بڵێین زین لەنێو ئەو هەموو گرفتە کۆمەلایەتی و سەردەمیانەدا توانی ئاشقی مەم بێت هەر زینیش بووە دەستپێشخەری خەونەکەی کردوو و مەمی بینی ، خۆشی داوای لەدادەی خۆی کرد ڕاستیەکان بە مەم و دۆستانی مەم بلێ، لەگەل سەردانی کردنی کەس و کاری مەمیش بۆ زێدی زین ، زین وا خۆی نیشانداو و دڵنیایی ئەوەی دایە کەس و کاری کە مەمی خۆشدەوێ . هەربۆیە هیچ سەرچاوەیەکی گێڕانەوەی ئەو شاکارە ئاماژە بۆ ئەو بیرە ناکەن بەلکو هەموویان بەو بیروڕا کلاسیکیەکەوە گێڕانەوەی بۆ دەکەن کە گوایە مەم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو زین ڕازی بکا و بیکاتە هۆگری خۆی .

### -2 لە زیندان کەوتنی (مەم):

سەرچاوەی زینداکردنی مەم لەلایەن کەس و کاری زینەوە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ، بەشێکیان ئاماژە بەوە ئەکەن کە بەکر (بەکۆ) ئەو ئاژاوەگێڕیەی دروست کردووە واتە هیچ هۆکارێك نەبوو بەلکو میر بەقسەکانی بەکر هەلخەلەتاو ئەو هەڵەیە گەورەی بەرامبەر بە مەم کرد و لە ئەنجامیشدا بەکر کارەکەی بە میر تەواو کردوو و مەمی ژەهرخوارد کرد . لەهەر سەرچاوەیەکی کوردی دا کە لەبارەی ئەو شاکارە وترابێ،ئەم دەقەی سەرەوە باسکراوە لە بارەی مەم و زین . کەچی مەم لەهەندێك سەرچاوەی تردا کە ئاماژەی پێئەکەین بەشێوەی تر خستنەزیندانی مەم هۆکارەکەی بەهۆی قبول نەکردنی داواکەی زینەوە لەلایەن مەم وای کرد ڕووداوەکەی بەرەو ئاژاوەگێڕی بڕوات .تەنانەت هەندێك لەنوسەرانی ئەو شاکارە بە کێشەی ژنانە دەیبەستنەوە ،کاتێ زین داوای لەمەم کرد و مەم داواکەی قەبوڵ نەکرد هەر بۆیە لە داخی ئەم ڕەتکردنەوەیە زین میر هان ئەدات و قسە و باس لەبارەی مەمەوە دەگاتە میر و براکانی زینەوە ڕووداوەکە بە گیران و دەستبەسەرکردنی مەمەوە کۆتایی دێت،( شکور مصطفی ،1998 ل: 59-60-61)

### -3 مردنی (مەم) وشینگێڕیەکەی:



لە گێڕانەوەی خانیدا بە ڕوونی باس لە ڕێوڕەسمێکی گەورە بە بۆنەی مەرگی مەم دەکرێت و هەروەها بەڕێوەبردنی شایی بۆ مەم وزین پاش مردنیان. ڕێوڕەسمی ماتەم و شینگێڕان بۆ گیانی هەردووکیان. هەر بەوجۆرە کە لە سەرەتا باس کرا، کلتوری ئاینی پێوەندیەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیەو بەردەوام لەگەل یەکتری تێکهەلچوون وبەهێز دەکەنەوە. بەڵام ئایین بە هۆی پراکتیک بوونی بەرچاوترەو لە ڕێگای ئایینەکانەوە دەتوانین پارچە پەرش و بڵاوەکانی کلتورەکە کۆدەکەینەوەو پێکەوە پێوەندیان ببەستین .(عبدالوهاب طالبانی،2009 ل17).

نموونەی هەرە بەرچاوی شینگێڕی بۆ گیانیان، شینی سیاوەشە کە لە ئێرانی پێش ئیسلامدا بەڕێوە دەچوو لە هێندێ شوێن وەکوو شیراز تەنانەت تا سەدەی بیستەمیش مابوو. ئەو ئایینە ئەوەندە بەهێز بوو کە پاش زاڵبوونی ئیسلامیش توانی خۆی ڕابگرێت و لە ڕێگای گۆڕانی ناوی پاڵەوانەکانەوە بە ژیانی خۆی درێژە بدات. شینی سیاوەش بە زۆربەی تایبەتمەندیەکانیەوەو زۆرینەی سیمبولەکانیەوە لە ژێر ناوی عاشوورای حوسێنیدا دیسان بە هێزەکەی پێشوویەوە سەری هەڵێناو ئێستاکەش هەموو ساڵ لە ناو شیعەکانی ئێراندا بە تینێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێ. سەرنجدان و لێوردبوونەوە لە سەر ئاڵاو بەیاخەکانی ڕۆژی عاشوورا کە

پڕن لە نیشانەکانی ڕێوڕەسمێکی وەرزێری( وەکوو درەختی سەرووو گیاو باڵندەو هتد) سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە عاشوورای حوسێنی درێژەدراوی شینی سیاوەشەو یەکبونی و یەکسانی ئەم دوو ئایینە دەخاتە بەرچاو.

شینی سیاوەش و شینی مەم، دوو ڕێوڕەسمی هاوتەریب و دوو گێڕانەوەی یەک ئایینن کە ئەگەری زۆر هەیە کە لە هەموو بەشەکانی ئێراندا بەڕێوە چووبێ. وەك چۆن لە باکوری کوردستان سالانە وەك نەریتێکی فۆلکلۆری خوێنەران و ئەوانەی لەسەر ئەو گێڕانەوەیە کاریان کردووە شینی مەم نوێ ئەکەنەوە و بە ڕۆژی مەم هەندێکیشان بە ڕۆژی کلتوری و ئەحمەدی خانیش لەناو گێڕانەوەکانیدا بە شینی باکور باسی لێوە دەکات .

**4- ئەو درەختەی لەسەر مەزاری (مەم وزین ) ڕوواوە:**

لە گێڕانەوەکانی خانی باسی ڕووانی درەخت و گژوگیا ئەکات لە سەر مەزاری مەم وزین. هاوشێوەو هاوواتای ئەم ڕووداوە لە چیرۆکی سیاوەشیشدا هەیە .شین بوونی گیای سیاوەشان لە خوێنی سیاوەش و شین بوونی گوڵ لە سەر مەزاری مەم. بەشێکی کلتورەکەی شانامەی مەم و زین ژیانی وەرزێریەو ئاوات و ئامانجی هەمیشەی وەرزێر هاوڕێ بوونی زەوی و وەرزەکان لە گەڵ ئەوو باش بوونی بەروبوومەکەیەتی. لە زۆربەی لێکدانەوەکان بۆ ئەو شاکارە بە نرخە ژیانێکی کۆمەلایەتی و هەژار و دەربەگ و ئاغایەتی و وەرزێری نیشان ئەدا کە پێناسەی فۆلکلۆری نەتەوەکەی(کورد) دەخاتەڕوو وبۆ خوێنەرانی نیشان ئەدات . لە کاتێکدا گێڕانەوەکان دیوی ئەویندری دەخاتە پێش چاو بەشێوەیەکی زیاتر و ڕوونتر ئینجا لە چوارچێوەی چەند لقێکی لاوەکی بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەلگە و ئەو سەردەم و پێناسەیەکی کۆمەلایەتیشە بۆ خاوەنی نەتەوەی شاکارەکە کە میللەتی کوردە .

جیاوازی سەرەکی چیرۆکی مەم وزین لە گەڵ چیرۆکە هاوتەریبەکانی خۆی لە ناوچەدا، گۆڕانی ئاکسیۆنی ژن(زین)ە، لە هەموو چیرۆکە هاوشێوەکاندا ژنی چیرۆکەکە ژنێکی هەوەسبازە کە هەندێک جار بەکاردانەوەی خراپەوە بەرامبەر بە هاوبەشەکەی کۆتایی پێ دێنێت .بەڵام زین وەکوو یارێکی وەفادار لەگەل مەم دا دەمێنێتەوەو لە سوێی یارەکەیدا دەمرێت.

ئەوەی کە بە ڕوونی دیار نیە ئەوەیە کە لە چ زەمەنێکەوە چیرۆکی مەم و زین ڕێگای خۆی گۆڕیوە و لە هاوشیوەکانی خۆی دوور کەوتۆتەوە بەڵام ئەوەندە دەزانین کە ئەم گۆڕانەش تەنیا بە سەر مەم و زیندا نەهاتووەو هاوتایەکی دیکەی هەر لە نێو کلتور و فۆلکلۆری ئێراندیا هەیە، ڕادەی دوور کەوتنی ئەو چیرۆکە لە مێژوو وسەرچاوەکانی زۆر زیاترە، بەڵام ناوەڕۆکی چیرۆکەکە هەمان لێکۆڵینەوەیە **(Zinnar Silopi ,1969: p. 33-39).**

ئەو کۆمەلە چیرۆکە کە بە گوێرەی کات سیمای (زین و مەم)یان گۆڕیوە ئەگەرچی لێکۆلینەوەکە لە فورمی ڕەسەن دوور کەوتۆتەوە بەڵام باری دراماتیک و هەستیاری چیرۆکەکەیان زۆر بردووەتە سەرو بەو شێوە توانیویانە لە ڕێگای گۆڕینی داستانی ئیلاهی بە چیرۆکی دڵداری دوو مرۆڤ مانەوەی گێڕانەوەکە گەرەنتی بکەن و هەست و هاودەردی خەڵکەکە بکەن بە پارێزەری گیانی بەشێک لە فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆیان. ئەگەر بناغەی ڕاستەقینەی زینەوە دەرکەوتبا ئەم چیرۆکە ئەوەندە لە سەر زارو نێو دڵی خەڵکی کورد نەماباو بە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد زۆر بە دێری دەستی بە تۆمار کردنی ئەدەبی زارەکی خۆی کرد، بە تەواوی لە ناو چووبایە. چونکە لە سەردەمی هەبوونی ئەدەبی زارەکی ئەوەی ژیانی دەقەکان دەپارێزێ مێشکی نوسەر و دڵی گوێگرەکەیە. گوێگری بەیت ئەگەر بەیتەکەی بە دڵ نەبێت و بە بیستنی هەستی نەجووڵێت و نەتوانێ لە گەڵ ئەکتەرەکان و ڕەوتی داستانەکەدا پێوەندیەکی دەروونی و قووڵ پێکبێنێ، ئەم چیرۆك و بەسەرهاتە هەمیشە لە مێشکی نوسەران کۆچی کردووە و لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر گوازراوەتەوە، نوسەر بۆ حەز پێکردن و ڕەزامەندی گوێگرەکانی دەق دەنوسێت بۆیە لە ڕەوتی زەماندا بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکان گۆڕدراون و گۆڕانی سیمای زینیش لە بیرۆکەی کلتوری و ئاینی و نەتەوەیەوە.گۆڕا بۆ دڵداری و ئەویندار‌ی .

**1-4 :توخمەکانی لێکۆڵینەوەی (مەم وزین) :**

ئەگەرچی ناوەڕۆکی چیرۆکی مەم وزین لێکۆلینەوەیەکی خودایە، بەڵام هەندێک گێڕانەوەی لاوەکی کە وەکو لق و گەڵای ئەو چیرۆکە، ڕواڵەتی داستانەکە دروست دەکەن ، لەم بەیتەدا هاتووە کە زۆرجار دەربڕی دابونەریت و فەرهەنگی کۆنی خەڵکی ناوچەکەن و هەندێ جاریش هەندێ برگەی لێکۆلینەوەکە جیاوازو سەربەخۆن کە خزاونەتە ناو گێڕانەوەکە، ئەم تایبەتمەندیە لە زۆربەی هەرەزۆری بەیتەکاندا زەق و بەرچاوە کە لە شوێنی خۆیدا باسیان لە سەر دەکەین بەڵام بۆ لێکدانەوەی ئەو بەشەی مەم

وزین کە لە باری فەرهەنگی دایە دەست دەکەین (حجی جحفر ، ل:72 ).کەواتە (مەم و زین) بەپێی سەرجەم لێکۆلینەوەکانی ئێستا و ڕابردوو دابەشی سەرچەند توخمێك ئەکرێن :

**1- توخمی فەرهەنگی**

ناساندن و خستنەڕووی زاراوە و فەرهەنگی نێو سەرجەم لێکۆلینەوە و باسکراوەکان لەبارەی مەم و زین ، ڕەنگە هەریەك لەو واتا فەرهەنگی و زاراوەیانە بە پێچەوانەی بەشێك لە تێگەشتنەکانی ئێستا بێت بەلام بەهەرجۆرێك لێی بکۆلینەوە ڕێچکە و بناغەکەی بەرەو واتایەکی ئێستای هەنگاو دەنێ . کەواتە هیچ واتایەکی فەرهەنگی لەو ئاستەدا نیە ڕەتی بکەینەوە یان پێمان وابێ پەیوەندی بە فەرهەنگی ئێستاو نیە .

**2- توخمی میانڕەوەی**

هەنگاونان بۆ دروستکردنی کێشە و ئاشوب بەبێ تێگەشتن لەوەی کە دەبێت هەموو شتێك بە گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت هۆکارێك بوو بۆ دروستکردنی میانڕەوەی لەلایەن مەم بەتایبەتی و بنەماڵەکەی میرانی مەم . ئەم میانڕەوەیە بوەتەوە چەمکێکی دیاری شاکارە ئەدەبیەکە : **خونکار وەکوو ئاگرن دەروو ژوور واباشە توخن نەبین بەهیچ جوور**

**ڕەنگیان گەشە وەك پەڕەنگ وپۆلوون دڵیان ڕەشە وەك خەڵوورز و کۆلوون**

**زۆردار کە برا و کوڕ و کەست بێ چیت لێ نەوێ دووری ئەو بەست بێ**

**3- توخمی شارستانیەت**

شوێنە جوگرافی و مێژوویەکانی نێو شاکارەکە و نەریتی میرنشینەکە لە باکوری کوردستان لە بارەی ئاین و نەتەوە و ڕۆشنبیریەتەوە دیارترین لقی شارستانیەتن کە هەمیشە لە چوارچێوەی دەقەکە ئەناسرێنەوە و پەسن دەکرێن

**ئێوارە کە میر لە ڕاو گەڕاوە لەو باخە بەلەشکر و سوپاوە**

**فەرمووی بەهەواڵی دیوەخانێ با دابەزین بدەین وچانێ**

**4- توخمی بەرەنگاری**

نەك بەتەنها لەم داستانەدا بەلکو لە هەرچی دەقی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و دوای ئەوانیشەوە بەرەنگاری چەمکێکی دیاری نێو دەقەکان بوون ،لەمەم و زینەکەشدا بەرەنگاری بوون لەسەر بیرۆکەی بەرهەلستی و هێرش کردن و میانڕەوەی و وەدەست خستنی ئامانجی زین یان مەم لەو پەیوەندیە ئەویندارییە دا لە توخمە هەرەسەرەکیەکانی ئەو داستانەبوو .

**5- توخمی کۆمەلایەتی**

پەیوەندی نێوان تاکەکانی نێو بنەماڵەی مەم و ئینجا بنەماڵەی زین و دواتریش دروست بوونی پەیوەندی نێوان هەردوو بنەماڵەکە بەتایبەت ئەوانەی ئاشتی و تەبایی و چاکەیان دەویست خالێکی دیاری گێڕانەوەکانی نێو مەم و زین بوو کە لەهەموو دەقەکان ئاماژەی پێکراوە .

**ئەنجام**

چیرۆکی مەم و زین پاشماوەی ئایین و فۆلکلۆریەکی کۆنی ناوچەی ڕوژهەڵاتە و ئەگەرچی وەکو چیرۆکێکی دڵداری خۆی دەنوێنێ بەڵام هەبوونی چەند تایبەتمەندیەکی سەرەکی کە لەم بابەتەدا باسکرا دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم چیرۆکە پاڵی داوەتەوە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەوە. فۆلکلۆر یەکێک لە بەڵگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکەو هەبوونی گێڕانەوەیەکی کوردی لە ئاینێکی وەها کۆن سەلمێنەری مێژوی شارستانیەت لە کوردستاندایە.

لەدوای ئەم توێژینەوەیە لەنێوان داستان و چیرۆك دا (مەم و زین) زیاتر بەلای داستاندا دەچێت ،بەهۆی زۆری ڕووداو و کات و شوێن و کاراکتەرەکانی ، نە بەتەنها مەم و زین بەلکو زۆربەی گێڕانەوەکانی ئێستای ئەدەبیاتی کوردی گومان لە شوناس و چەمەکی بابەتەکە هەیە لەنێوان هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەبی . ئەمەش ئەرکی ئەدەبیاتناسان و نوسەران و لێکۆلەرانی بواری ئەدەبی کوردییە.

هەلگرتنی بابەتی جۆراوجۆر جگە لە ناوەڕۆكە ئەويندارييەكەی ڕوونكردنەوەيەكی گرنگی ئەم توێژينەوەيە بەجۆرێك تائێستا خوێنەران و لێكۆڵەرانی كورد (مەم و زين) لە چوارچێوەی بابەتێكی ئەويندارى كۆدەكەنەوە.

## سەرچاوەكان


1. د. ئەميری حەسەنپوور ، پێداچوونەوەی كتێب (ناسيۆناليسمی كورد)،.گۆڤاری گزنگ ژ. 9، (گۆڤارێكی وەرزانەی فەرهەنگی – ئەدەبی بوو). سێپتامبری 1995.
2. حجی جحفر ،چەند ڤەكۆلين ل دۆر مەم و زينا خانی ، 2009 ،چاپی يەكەم ،چاپخانەی ئاراس، هەولێر .
3. شكور مصطفى ، بدرخانيوجزيره بوتان ، وحاضرات اجتماعات الجمعيه ،1998،اربيل.
4. عبدالوهاب طالبانی،خوێندنەوەيەك بۆ داستانە ئەوينداريەكەی مەم و زين، 2017 ، گۆڤاری الحوار المتمدن.
5. كاروان حسين , مەم و زين , 2013 , هەولێر.

**بەلاتينی**

7.Zinnar Silopi [Qadrî Bey Cemîl Paşa], Doza Kürdüstan: Kürt milletinin 60 senedenberi esaretten kurtuluş savaşıhatiratı(Beyrut: Stewr Basımevi, 1969).


**مجموعة اراء حول مةم و زين**


**ملخص**

مم و زين لأحمد الخاني: هو احد من اروع اعمال الفني الرائع والمستفيد من ادب الكلاسيكي الكوردي، الذي بقي لنا خالدا حتى الآن، لا يزال الكاتبون والمؤديبو الدنيا حول العمل الباهر اختلفو آرائهم حول اهتمام به، وكل واحد منهم يحدثون بشكل خاص، في اهمية مؤلفاته الادبية وبالأخص تأليفاته في زمن الكلاسكية التي بقي لنا، هذه التأليفات تجد فيها التكنيكات والفنيات العالية جدا، نستطيع ان نعمل كأساس للأدب.


**Same different ideas about Mem u Zin**


**Abstract**

The story of Mam and Zin are inherited from the religion and folklore of Eastern territory, even though it is showed as a loving story, but because of having some main principles it says that the story of them have a long history. Folklore is one of the evidences of the kens of any nation, This ancient Kurdish narrating is the proving of civilization Kurdistan ancient history.